http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.401

# ڕۆڵی میدیای ئەلیكترۆنی كوردی لەدروستكردنی وێنای (حەشدی شەعبی) لای خوێندكارانی زانكۆ (توێژینەوەیەكی مەیدانییە)

یادگار علی محمد

بەشی زمانی كوردی،كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی گەرمیان

yadgarali@garmian.edu.krd


## پوختە

لەگەڵ پێكهێنانی هێزی سەربازیی (حەشدی شەعبی) لەعێراق دا، میدیای ئەلیكترۆنی كوردی بەگشتیی و ماڵپەڕی ئەلیكترۆنی(خەندان) بەتایبەتی؛ هەواڵ و زانیاری جۆراوجۆری لەسەر ئەو هێزە بلاوكردەوە، بەتایبەت لەسەر هەموو ئەو ململانێ و گرژییانەی ناوبەناو لەسنوری ناوچە جێناكۆكەكانی پارێزگاكانی كەركوك، دیالە و سەلاحەدین لەنێوان ئەو هێزە لەگەڵ هێزە ئەمنیە كوردییەكان لەلایەك و هاولاتیانی كوردنشینی ئەو ناوچانە لەلایەكی تر دروست دەبوو. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵیداوە جۆری ئەو وێنایە بدۆزێتەوە، كە میدیای ئەلیكترۆنی كوردی لەڕێگەی بلاوكردنەوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر حەشدی شەعبی لای خوێندكارانی زانكۆ دروستیكردووە، لەگەڵ وەرگرتنی وەلامی زانستی بۆ چەندین پرسیاری تر. توێژینەوەكە بەسەر سێ باسدا دابەشبوە، لەباسی یەكەمدا لایەنی مەنهەجی توێژینەوەكە خراوەتەڕو، لەباسی دووهەمیشدا؛ باس لە حەشدی شەعبیی، پێكهێنانی، پێكهاتەكانی كراوە، لێرەدا بەهۆی ئەوەی قسەكردنە لەسەر دیاردەیەكی نوێ، كتێب و سەرچاوەی زانستیی چاپكراو بەردەست نیە یاخود دەگمەنە، بۆیە؛ بەناچاری بەپێی پێویستی توێژینەوەكە ماڵپەڕە ئەلیكترۆنیە باوەڕپێكراو و فەرمیەكان، وەك سەرچاوە بەكارهاتون، لەباسی سێهەمی توێژینەوەكەدا؛ باس لە وێناكردن بەجۆر و تایبەتمەندی و ڕۆڵی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن لەدروستكردنیدا كراوە، پێش كۆتاییش بەكورتی باس لەمیدیای ئەلیكترۆنیی و میدیای ئەلیكترۆنی كوردی كراوە، لەكۆتاییشدا؛ ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەكە خراوەتەڕوو كە لەدوو تەوەری سەرەكیدا بەرجەستە بووە، ئەوانیش: بەكارهێنانی میدیای ئەلیكترۆنی، میدیای ئەلیكترۆنی كوردی و حەشدی شەعبی.


**كلیلی ووشەكان:** میدیای ئەلیكترۆنی، حەشدی شەعبی، خوێندكارانی زانكۆ

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

**كێشەی توێژینەوە:** كێشەی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە: میدیای ئەلیكترۆنی كوردی چ وێنایەكی هێزی سەربازی حەشدی شەعبیی لای تاكی كورد (خوێندكاری زانكۆ) دروستكردووە؟

**ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت لە پێناو:

1- زانینی ڕادەی كاریگەری میدیای ئەلیكترۆنی كوردی لەدروستكردنی وێنادا.

2- زانینی ئاستی گرنگیپێدانی تاكی كورد بەمیدیای ئەلیكترۆنی بۆ وەرگرتنی زانیاری لەكاتی قەیران و ململانێكان دا.

3- زانینی دیدگا و تێڕوانینی تاكی كورد بەرامبەر بە هێزی سەربازی حەشدی شەعبیی.

4- زانینی ئاستی بەدەمەوەچوونی تاكی كورد بۆ پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەكان.

**میتۆدی لێكۆڵینەوە:** ئەم توێژینەوەیە سەر بە توێژینەوە وەسفییەكانە و پشتی بە میتۆدی (ڕووپێوی) بەستووە لەڕێگەی بەكارهێنانی فۆرمی ڕاپرسییەوە.

**بوار، كۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:** بواری كاتی توێژینەوەكە پێكهاتووە لەو ماوەیەی كە لایەنی پراكتیكی توێژینەوەكە (فۆرمی ڕاپرسی) تێدا دابەشكراوە و كۆكراوەتەوە كە بریتیە لەڕێكەوتی(2016/3/1 – 2016/4/1)، هەرچی بواری شوێنی توێژینەوەكەشە (ئیدارەی گەرمیان/ قەزای كەلار) دەگرێتەوە كە هەردوو كۆلێجی (پەروەردە، پەروەردەی بنەڕەت)ی زانكۆی گەرمیانی تێدایە، سەبارەت بەسنوری مرۆیی توێژینەوەكە كە كۆمەڵگەی توێژینەوەشی پێدەوترێت، پێكهاتووە لە خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان لەسەر ئاستی خوێندنی بەكالۆریۆس كە توێژێكی كۆمەڵایەتی گرنگی خاوەن ڕۆشنبیرین و گونجاون بۆ ئەنجامدانی جێبەجێكردنی بابەتی توێژینەوەكە لەسەریان زیاد لەهەر چین و توێژێكی تر. سامپڵی توێژینەوەكەش خوێندكارانی بەشەزانستیەكان بۆ پسپۆرییەكانی(زمان، زانستەمرۆڤایەتیەكان و پەروەردەی وەرزش) دەگرێتەوە، كەلە (2300) خوێندكار لەڕەگەزی (نێر) و (مێ) پێكهاتوون*، توێژەر ڕێژەی (4.7٪)ی لەو ڕێژەیە بە سامپڵی (هەڕەمەكی ڕێكخراو) وەرگرتووە كە دەكاتە (108)خوێندكار. بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

**تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەكانی سامپڵی توێژینەوە**

**خشتەی ژمارە (1) دوبارەبونەوە و ڕێژەی سامپڵی توێژینەوە (سامپڵەكان = 108)**

| تایبەتمەندی دیمۆگرافی | | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 40 | 37.4% |
| | مێ | 68 | 53.6% |
| تەمەن | 18 – 19 ساڵ | 6 | 5.6% |
| | 20 – 21 ساڵ | 28 | 25.9% |
| | 22 – 23 ساڵ | 66 | 61.1% |
| | 24 ساڵ بەرەو ژوور | 8 | 7.4% |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوشار | 44 | 40.7% |
| | دەرەوەی شار | 64 | 59.3% |
| كۆلێژ | پەروەردە | 56 | 51.9% |
| | پەروەردەی بنەڕەت - بەیانیان | 52 | 48.1% |
| بەش | زمانی كوردی | 28 | 25.9% |
| | زمانی عەرەبی | 12 | 11.1% |
| | زمانی ئینگلیزی | 16 | 14.8% |
| | زانستەكۆمەڵایەتیەكان | 24 | 22.3% |
| | دەرونزانی | 12 | 11.1% |
| | پەروەردەی وەرزش | 16 | 14.8% |
| قۆناغ | یەكەم | 18 | 16.7% |
| | دووەم | 36 | 33.3% |

* ئاماری (هۆبەی تۆمار) لە هەردوو كۆلێجی پەروەردە و پەروەردەی بنەڕەت، (2016/2/15)

| | | | |
|---|---|---|---|
| | سێیەم | 16 | 14.8% |
| | چوارەم | 38 | 35.2% |
| خەرجی مانگانە | 50 – 100 هەزار دینار | 36 | 33.1% |
| | 150 – 200 هەزار دینار | 56 | 51.9% |
| | 250 هەزار و زیاتر | 16 | 14.8% |

### راستیی و جێگیری توێژینەوە

راستیی توێژینەوە: توێژەر دوای ئامادەکردنی فۆرمی سەرەتایی ڕاپرسی، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆك و لایەنی زمانەوانی، فۆرمەکەی ئاراستەی چەند پسپۆڕێك کرد[*]، پاش چاککردنەوەی زۆربەی تێبینی و سەرنجەکان فۆرمەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت.

جێگیری توێژینەوە: بۆ دڵنیابوون لە جێگیری، توێژەر چەند دانەیەکی فۆرمی ڕاپرسیەکەی بەسەر ژمارەیەك خوێندکارانی سەر بەسامپڵی توێژینەوە دابەشکرد، پاش ماوەیەك هەمان ڕێژەی بەسەر هەمان ئەو کەسانەدا دابەشکردەوە، بۆی دەرکەوت کە هەمان ئەنجام بەدەرکەوتووە، بەوەش دڵنیابوو لە جێگیری وەڵامەکان.

ڕێژەی جێگیری = 80٪

### چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### یەکەم: حەشدی شەعبی

زاراوە: حەشد؛ لەبنچینەدا وشەیەکی عەرەبیە، دەکرێت وشەگەلی زۆر بە هاوواتای دابنرێت، بەڵام نزیکترین وشە لێیەوە (جمهرە)یە کە بەمانای کۆبوونەوەی ژمارەیەکی دیاریکراو لە خەڵك دێت بەشێوەیەکی چڕ.[1] لەڕووی پێکهاتەی واتایشەوە؛ وشەی (حەشد) بەمانای لەخۆگرتنی ڕێژەیەکی زۆرو، (شەعبی) بەمانای هەڵقولاو لەخاکی نیشتیمان دێت، بە مانا میللیەکەشی، بەواتای: عیزەت و شەرەف، ئامادەگی پێشوەختە بۆ بەرگریکردن لە خاکی عێراق و ئازادکردنی دێت[2]. لەزمانی کوردی و بەتایبەت لەبواری میدیاشدا، هەر حەشدی شەعبی بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە دەکرێت وشەی (ئاپۆڕا)شی بەرامبەر بەکاربهێنرێت. هەرچی زمانی ئینگلیزیشە وشەی (Mobilization) بۆ (حەشد) و وشەی (Popular Mobilization Forces) بۆ (حەشدی شەعبیی) داناوە.[3]

---

[*] ناوی پسپۆڕەکان:

1. پ.ی.د ئومێد بەرزان برزو / پسپۆری زمانی کوردی و مامۆستای بەشی زمانی کوردی / زانکۆی گەرمیان.
2. پ.ی.د هێرش ڕەسوڵ موراد / پسپۆری ڕاگەیاندن و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی ڕاپەڕین.
3. د.ڕێبەر گۆران مستەفا / پسپۆری ڕاگەیاندن و مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن / زانکۆی سلێمانی.

([1]) أندرية لالاند: "موسوعة لالاند الفلسفية (عربي- فرنسي)" ، ترجمة والتحقيق (خليل أحمد خليل) ، طبعة 1، مجلد 2، عويدات للنشر و الطباعة، بيروت، 2001، ص357.

([2]) مركز بلادي للدراسات و الابحاث الاستراتيجية: "قوات الحشد الشعبي"، بتأريخ (2016/3/10). (http://beladicenter.net/index.php?aa=news&id22=10279).

([3])"**Popular Mobilization Forces (Iraq)**",(en.wikipedia.org/wiki/popular Mobilization _Forces, date(10/12/2015).

**چەمك: لەبەر پێکهاتەی بونیادی و ئایدۆلۆژی حەشدی شەعبی، نەتوانراوە یەك ناساندنی بۆ بکرێت، هەندێك پێیانوایە: هێزێکی چەکداری پاڵپشتی سوپای عێراقە، لەبارێکی نائاسایدا دروستکرا، لەڕوی ڕێکخستنەوە سەر بە دەزگای ئەمنی عێراقە، پێکدێت لە شیعەی عێراق لەگەڵ بەشێك لە عەشائیرە سوونەکانی عێراق لە پارێزگاکانی سەلاحەدین، پارێزگای نەینەوا، پارێزگای ئەنبار، هەروەها بەشێك لە پێکهاتەی تورکمان، کوردە فەیلیەکان و مەسیحیەکانی عێراق.**

**پێکهێنانی حەشدی شەعبی: ڕۆژی(10ی حوزەیرانی 2014)، چەند کاتژمێرێك دوای کەوتنی نەینەوا لەسەر دەستی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی(شە)(*)، (نوری کامل ئەلمالیکی) سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئەوکاتەی عێراق زنجیرەك هەنگاوی بەمەبەستی دانەڕمانی تەواوەتی سوپای عێراق نا، لەچوارچێوەی پلانی ئەمنی دا" دواحاڵەتی ئامادەباشی ڕاگەیاند، گرنگترین ناوچە سوننەنشینەکانی بەغدادی بە سەپی کۆنکرێتی لەیەك دابڕی، ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە پاسەوانی لە ناوچەی سەوز و دەوروبەری توندتر کرد، لەگەڵ بڵاوەپێکردنی چڕی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو چەکدارانی میلیشیا شیعەکان.**

**هەروەها داخستنی ژمارەیەك نوسینگەی کەناڵەئاسمانیەکان، بڕینی هێڵی ئینتەرنێت لەهەموو پارێزگا سوننەنشینەکان بەتایبەت گەڕەکە سوننەنشینەکانی بەغداد(). حکومەتی عێراق داوایکرد: سەرجەم سەربازە هەڵهاتووەکانی نەینەوا پەیوەندی بکەن بە نزیکترین بنکەی سەربازی کەلێیانەوە نزیکن، لەکۆماری ئیسلامی ئێرانیش هەڵمەتێك بۆ کۆکردنەوەی خۆبەخشان بەمەبەستی ڕۆیشتن بۆ عێراق و شەڕکردن لە پێناو پاراستنی ناوچە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا ڕاگەیەنرا، لەونێوەندەشدا ناوی 4200 خۆبەخش لەماوەی کەمترین لە 24 کاتژمێردا تۆمارکرا().**

**شکستهێنانی هێزەئەمنیەکانی عێراق لە زۆربەی ناوچە سوننەنشینەکانی ئەو وڵاتە لەبەرامبەر چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، حکومەتی عێراقی ناچارکرد لە (11ی حوزەیرانی 2014) بانگەوازی پێکهێنانی(سوپای یەدەگ) بڵاوبکاتەوە. ئەو بانگەوازە" دوای دوو ڕۆژ هات لە دەرچوونی فەتوا بەناوبانگەکەی مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق کە بە (فەتوای کیفائی)(*) ناسراوە. بەو شێوەیە ئەو گروپە چەکداریە وەك هەنگاوی بەرایی، پاڵپشتی یاسایی و ئاینی**

(4) موقع رووسيا اليوم: "العبادي: "داعش" استولى على 2,3 ألف مدرعة في الموصل"، بتاريخ 2015/5/31.
(https://arabic.rt.com/news/784557).

* دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام.. ڕێکخراوێکی چەکداری تیرۆریستی خاوەن بیری سەلەفی جیهادی(تەکفیریە)، ئامانجی گەڕاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی و جێبەجێکردنی شەریعەتە. عێراق و سوریا شانۆیی کردەوە تیرۆریستی و تاوانکاریەکانیەتی. (ڕێبەر گۆران مستەفا، کامیل عومەر: "ڕومالکردنی شەڕی داعش لەمیدیای کوردیدا"، گۆڤاری زانستی زانکۆی گەرمیان، ژمارە (10)، 2016، لاپەڕە 207).

(19)موقع مركز الروابط: "الحشد الشعبي: القوة النظامية البديلة في العراق"، بتاريخ 2015/3/24.
(http://rawabetcenter.com/archives/5293).

(6) العربية نت: "إيران تحشد آلاف المتطوعين للقتال في العراق"، بتاريخ(2014/6/15).
(http://www.alarabiya.net/ar/iran/2014).

(*) لە 13ی حوزەیرانی 2014 مەرجەعیەتی باڵای شیعەکانی عێراق "فەتوای کیفائی" دەرکرد، ڕاگەیاندنی ئەم فەتوایە لەلایەن (عەبدولمەهدی کەربەلائی)یەوە بوو لەمیانی نوێژی هەینی شاری نەجەف. ناوەڕۆکی فەتواکە: "بەرگریکردن لە وڵات و شەڕکردن لە پاڵ هێزەئەمنیەکانی عێراق ئەرکێکی پیرۆزە، بەرپرسیاریەتیەکی شەرعی و نیشتمانییە، ئەم فەتوایە کارپێکراو دەبێت تا ئەوکاتەی ئامانجەکەی

**بەدەستهێنا، لەقۆناغی یەكەمیشدا لەناوچەكانی بەغداد و دەوروبەری و ناوچەكانی تری ناوەڕاست و خوارووی عێراق، ئەوانەی توانای هەڵگرتنی چەكیان هەبوو، پێوەندیان بەم هێزەوە كرد، دواتر لەڕێگەی چەند لیژنەیەكی تایبەتەوە هەڵمەتەكە بەرفراوانترو ڕێكخراوتر كرا.**

**پەیكەرو پێكهاتە: سەرۆكوەزیرانی عێراق لە ڕۆژی(2014/6/18) فەرمانی ژمارە(47)ی دەركرد، تێیدا دەستەی حەشدی شەعبیی ڕاگەیاند كە پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە و پێكدێت لە (ئیدارەی حەشدی شەعبیی، ڕاهێنان، پڕچەككردن، دابەشكردن بەسەر ئۆپەراسیۆنەكان)[7]. لە هەمان ڕۆژدا بڕیاری ژمارە(48)ی ڕاگەیاند كە تایبەت بوو بە مووچە و پاداشتی هێزەكانی حەشدی شەعبی، تێیدا هاتووە:[22]**

**(هەر خۆبەخشیكی حەشدی شەعبیی مانگانە بڕی 500 هەزار دیناری بۆ خەرجدەكرێت. هەر خۆبەخشێكیش مانگانە بڕی 125 هەزار دیناری وەك پاداشتی خواردن بۆ خەرجدەكرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆبەشێك كە دەنێردرێت بۆ یەكێك لە بەرەكانی جەنگ بڕی (250) هەزار دیناری بۆ خەرجدەكرێت).**

**لەبودجەی گشتی ساڵی(2016)ی عێراقیشدا بڕی یەك تریلیۆن و (160) ملیاردینار بۆ دەستەی گشتی حەشدی شەعبیی تەرخانكرا، لەكاتێكدا لە(2014)، شەش تریلیۆن و (36) ملیاردینار بوو لەبودجەی گشتی عێراق.[23]**

**(حەیدەر ئەلعەبادی) سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانی عێراق، فەرماندەی گشتی باڵای هێزەكانی حەشدی شەعبیە. (فالح فەیاز) سەرۆكی دەستەی حەشدی شەعبی، (ئەبومەهدی موهەندیس) جێگری سەرۆكی دەستەی حەشدی شەعبی، سامر تەمیمی یاریدەدەری سەرۆكی دەستە و ئەحمەد ئەسەدی گوتەبێژی دەستەكەیە[10].**

**حەشدی شەعبی لەیەكگرتنی چەند هێزو گروپ و ڕێكخراوێكی چەكداری سەر بە ڕەوت و لایەنەسیاسییە شیعەمەزهەبەكانی عێراق پێكهاتوە، گرنگترینیان:**

**ڕێكخراوی بەدر (منظمة بدر): ئەم ڕێكخراوە لەسەرەتای هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو لە ئێران و لەسەردەستی ئایەتوڵا محەمەد باقر ئەلحەكیم دامەزرا، لەسەرەتادا عەبدولعەزیز حەكیم فەرماندەی فەیلەقەكەو هادی عامریش یاریدەدەری بو، دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش حیزبی (المجلس الآعلى الاسلامي العراقي) بڕیاریدا بە گۆڕینی ناسنامەی فەیلەقە سەربازیەكە بۆ ڕێكخراوێكی مەدەنی بەناوی ڕێكخراوی بەدر بۆ گەشە پێدان، كە هادی عامری سەركردایەتی دەكرد، بون**

---

بەدیدەهێنێت". ئەم بانگەوازەی مەرجەعیەتی شیعە، لەلایەن هەندێك لە سەركردە دینیە سوننیە ئۆپۆزسیۆنەكانی عێراقەوە وەك بانگەواز بۆ شەڕی ناوخۆیی و تائیفی لێكدرایەوە. لە پاڵ ئەوەدا مەرجەعیەتی شیعەكان هەرزوو دەركی بەو مەترسیە كرد و لەنوێژی هەینی دواتردا ڕاگەیەنرا" پێویستە هەمو جوڵانەوە سەربازی و چەكداریەكان لەچوارچێوەی یاسادا بێت، دان بەخۆداگرتن و دووركەوتنەوە لە كردنە ئامانج لەسەر بنەمای تائیفی و ڕەگەزی.

([7]) موقع الامانة العامة لمجلس الوزراء – جمهورية العراق: **"مكتب رئيس الوزراء العراق، الامر رقم (47)"**، (2014/6/18). (http://www.cabinet.iq/ArticlesBrowse.aspx?CatID=6#) .

(22)ماڵپەڕی پاسەوان: **"ترس لەداهاتوو" لەداعشەوە بۆ حەشدی شەعبیی"**، (2015/12/20)، (http://pasewan.com/sorani/?p=1894) .

(23) موقع ڕووداو: **"الاسدي: ميزانية الحشد الشعبي لعام 2016 لا تناسب حجم التضحيات"**، (2015/10/26). (http://rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/261020155) .

[10]) ماڵپەڕی پاسەوان: **" سەرچاوەی پێشوو"**، هەمان ڕێكەوت.

بەشێکی گرنگ و چالاکیش لەژیانی سیاسی لەعێراق دا[11]، ئەندامەکانی پێکهاتبون لەو کەسانەی کەلەسوپای عێراق هەڵهاتبون لەمیانی جەنگی کەنداو دا، کە بەهەزاران چەکدار ئەژماردەکران، لەسەرەتای داگیرکردنی عێراقیشدا ڕۆڵێکی دیاریان لە کۆبونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن و سەلاحەدین بینی. لەسەر داوای شەرعی ئایەتولا عەلی خامنەئی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران و پاش فەتواکەی ئایەتولا (عەلی سیستانی) ڕابەری باڵای ئایینی شیعەمەزهەبەکانی عێراق ئەندامەکانی بۆ شەڕکردن لە سوریاو عێراق ڕاسپارد[12]. بەودوایانەش یەکێك لەسەرکردەکانیان بەناوی (محەمەد سالم ئەلغەبان) پۆستی وەزیری ناوخۆی لەکابینەی حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق پێسپێردرا، ئەم وەزیرە هەوڵیدا هێزەکانی حەشدی شەعبی بەشداربن لە بەرێوەبردنی دۆسیەی ئەمنی پایتەخت، بەلاّم ئەو هەوڵە نارەزایەتی سەرکردە سوننەکانی لێکەوتەوە: حەشدی شەعبی پێکهاتوە لە کۆمەڵە گروپێکی چەکدار، ئینتیمایان بۆیەك پێکهاتەی دیاریکراوی بەغداد هەیە، لەکاتێکدا پایتەخت شارێکی فرە پێکهاتەیە[13].

**سرايا السلام:** دوا ڕودانی دارمانەگەورەکە لەڕیزی سوپا و دەزگائەمنیەکانی عێراق، موقتەسەدر ڕابەری ڕەوتی سەدر ڕاستەوخۆ لە(11ی حوزەیرانی 2014) پێکهێنانی ئەم گروپەچەکداریەی بۆ پارێزگاریکردن لە شوێنە پیرۆزەکان پێکهێنا. بەلاّم دەرکەوتنی ڕەسمی ئەم گروپە چەکدارە دەگەرێتەوە بۆ 21ی حوزەیرانی هەمان ساڵ کە یەکەم مەشقی سەربازیان دەستپێکردو ئامانجیان پارێزگاری لەشوێنە پیرۆزەکان لەدەستی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و بەگژاچونەوەی توندڕەوی تائیفی بو[14]، بەپێی ئەو ستراتیژەشی کەلەسەری پێکهێنرا، ئەم گروپە بەرگری لەهیچ لایەن و ڕێکخراوێك ناکات، ئامانجی دیاریکراوە و بەبێ هیچ دودڵیەك دەستوەردان و پەلاماری هیچ لاو لایەنێك نادات[15].

**عصائب أهل الحق:** گروپێکی مەزهەب شیعی چەکدارن ساڵی 2006 لە سوپای ئیمام مەهدی جیابوونەوە. ژمارەی چەکدارەکانی نزیکەی 10 هەزار چەکدار دەبێت و لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دارایی و مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێت و پڕچەك کراون، بەپێی وتەی نوێنەرەکەیان لە ئێران ئەم گروپە ئینتیمایان بۆ عەلی خامنەئی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەیەو لە (2014) ەوە بەیعەتیان پێداوە. ئەم گروپە چالاکی جۆراوجۆریان بەرامبەر بەسوپای ئەمەریکا لەعێراق ئەنجامداوە، هەروەها چەندین ئەندامیان لە شەڕوملمالنێکانی سوریا لەبەرەی کەتیبەی (لواء ابى الفضل) بۆ پارێزگاری لە مەزاری سەیدە زەینەب جەنگاون، چەندین کەسیشیان بەوهۆیەوە کوژران وبرینداربون. ئەم گروپە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بەشدارن و کوتلەیەکیان بەناوی (الصادقون) هەیەو (حەسەن سالم) نوێنەرایەتیان دەکات. هەروەها

(11) صادق الطائي: "الحشد الشعبي في العراق: مرجعياته ومكوناته الطائفية"، موقع جريدة القدس العربي،(2016/2/13).. (http://www.alquds.co.uk/?p=481792).

(12) جريدة بدر الالكترونية- الجناح العسكري لمنظمة بدر: "لسنا ميليشيات ولن نشارك بحلف مع أمريكا" ،(2014/9/18). (http://badrnewspaper.com/home/single_news/2864).

(13) موقع الوثيقة نت: " النجيفي: قرار تكليف الحشد الشعبي بالملف الأمني في بغداد ينشر الهلع بين الأهالي ويوفر غطاء للمندسين فيه"، (2014/11/29). (http://www.alwathika.com/article/?t=44402).

(14) موقع سرايا السلام: " السيد القائد مقتدى الصدر يوجّه بعض النصائح والارشادات لأفراد سرايا السلام"، (2014/12/14).

(http://www.sarayasalam.net/2015/09/blog-post_592.html).

(15) موقع سي إن إن العربية، "سرايا السلام ميليشيات مقتدى الصدر الجديدة"، (2014/6/22). (https://arabic.cnn.com/middleeast/2014/06/22/sadr-peace-unit).

بەشداریەکی بەرفراوانیان لە ڕیزی هێزەکانی حەشدی شەعبی دا هەیە و بەشداری چەند شەڕێکیان کردوە، بەمەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەنێویشیاندا شەڕی ئازادکردنەوەی ڕومادی ناوەندی پارێزگای ئەنبار[16]، هەروەها ئەم گروپە چەندین کاری توندڕەویان بەرامبەر بە دانیشتوانی سوننە مەزهەبی ئەو ناوچانە ئەنجامداوە کە دەستیان پێیگەیشتوە[17].

**کەتیبەکانی حیزبولاَی عێراقی (كتائب حزب الله العراقي):** ئەم ڕێکخراوە چەکداریە بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی حیزبولاَی لوبنانی لەساڵی 2007 دامەزرا، بە پێی ڕاگەیەنراوە ڕەسمیەکانیان ئینتیمای و پشتگیری تەواویان بۆ ولایەتی وەلی فەقیە هەیە[18]. دوای ڕوداوەکانی کەوتنی نەینەوا پێکهێنانی (سرايا الدفاع الشعبي)یان پێکهێنا بەمەبەستی وەرگرتن و مەشقپێکردنی خۆبەخشان و لەچەندین شەڕی دژ بەرێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی هاوشانی سوپای عێراق جەنگاون. بە پێی ڕا پۆرتی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ(هیومان ڕایتس ووچ) ئەم ڕێکخراوە لەنێو ئەو ڕێکخراوانەدایە کە دەستدرێژیان بۆسەر هاولاَتیانی سوننە مەزهەب لەشێوەی( ڕفاندن و لەسێدارەدانی سەرپێی) ئەنجامداوە[19]. هەروەها دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە ئەم ڕێکخراوەی لە لیستی ڕێکخراو و کۆمەڵە تیرۆریستیەکان داناوە، دوای ئەوەی ڕێکخراوەکە لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە هەڕەشەی لەو ولاَتە کرد[20].

بێ لەو گروپ و ڕێکخراوە چەکداریانە، چەندین گروپ و باڵی تری چەکداری لەناو پێکهاتەی هێزەکانی حەشدی شەعبیدان، لەوانە: (حركة حزب الله-النجباء) و (سرايا عاشورا) و (سرايا أنصار العقيدة) و (سرايا الجهاد) و (كتائب بابليون) و چەندین گروپی چەکداری تری قەبارە بچوک[21].

**دووەم: وێناکردن (الصورة الذهنية)**

**پێناسە: (وێناکردن)**

لەلایەن توێژەرانەوە پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ زاراوەی (وێناکردن - الصورة الذهنية) نیە، لە بواری زانستی ڕاگەیاندن و زانستەکۆمەلاَیەتیەکاندا؛ هەڵکشانی خێرای مەعریفی وایکرد، نەتوانرێت سنورێکی وردو بەکارهێنانێکی ڕون و دیاریکراو بۆ ئەم دەستەواژەیە هەبێت. هەربۆیە دەبینین پێناسە و ناساندنی جۆراوجۆری بە پێی بواری زانستەکان بۆ کراوە. (وێناکردن)" بەمانای کێشانی وێنەیەك سەبارەت بەشتێك دێت لە هزردا یان، ئامادەگی وێنەی

---

([16]) موقع المقاومة الإسلامية عصائب أهل الحق: " بيان تطهير منطقة البوعلوان في الرمادي بالاشتراك مع القوات الأمنية"، (2014/6/21). (http://ahlualhaq.com/index.php/permalink/3658.html).

([17]) هيومن رايتس ووتش: "ناجون يصفون مذبحة بأحد المساجد"، (2014/11/2). (https://www.hrw.org/ar/news/2016/07/31/292584).

([18]) موقع كتائب حزب الله : "بيان نعلن وقوفنا إلى جانب نظام الجمهورية الإسلامية"، (2009/6/23). (https://kataibhizbollah.com/statment/1182).

([19]) هيومن رايتس ووتش: " ناجون يصفون مذبحة بأحد المساجد"، مصدر سابق، نفس التأريخ.

([20]) موقع كتائب حزب الله" بيان إن لم ترتدع دويلة الإمارات وتصحح خطيئتها بحق الشعب العراقي وقواه الوطنية لنشردَنّ بهم مَنْ خلفَهم"، (2014/12/13). (https://kataibhizbollah.com/news/1677).

([21]) صادق الطائي: " الحشد الشعبي في العراق: مرجعياته ومكوناته الطائفية"، مصدر سابق، نفس تاريخ.

شتێك لەهزردا، کە لەبنەڕەتدا وشەیەکی کۆنی لاتینیە و دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (**image**)، بەمانای وێنە یان، شێوەیەك کە پەیوەستن بەکارێکی دەربڕاو یان نمایشکراو[22]. لەڕوی زمانەوانیشەوە، (وێناکردن) بەمانای گفتوگۆو نواندن دێت[23]، (یادگاریەکان، وێنەکان، هەڵچونەکان، ئارەزوەکان، بیرۆکەکان و بڕیاردانەکان) هەڵێنجاندنێکی فرەپێکهاتەن لە هۆشیاری، بەکاردەهێنرێت بۆ بیرکردنەوە و هەڵهێنجانی شتەکان تاوەکو بگات بە قۆناغی بڕیاردان لەسەری[24] یان، (هەستکردن بەخودی ڕاستەقینە پاش نەمانی کاریگەریەدەرەکیەکان یان گەڕانەوەی هەستەکان بۆ هزر دوای غیابی هەندێك شتەکان تێیدا کە دەگەڕێتەوە بۆ پانتایی هەست بەبێ کاریگەری هەستپێکردنی ڕاستەوخۆ)[25].

هەندێکی تریش پێیانوایە؛ ئەو وێنەیەیە کە هەڵدەستێت بە درکپێکردنی باری ئاسایی عەقڵ لەدۆخی پێشودا، بەبێ ئەوەی کاردانەوەی نەرێنی لەسەر بەریەککەوتنی تاك و کۆمەڵەکان دروست بکات[26] یان، چەمکێکی عەقڵی بەربڵاوە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراودا، ئاماژەیە بۆ ئاراستەی ئەو کۆمەڵەیە بەرامبەر بە کەسێکی دیاریکراو یان، سیستەم، فەلسەفە، نەتەوەیەك یان دەزگایەك یان شتێکی تر[27].

(وێناکردن) ئەنجامی ئەزمونەکانی پێشوی ئەوکەسەیە کە لەلای دروست دەبێت، ئەو ئەزمونانەی لەوادەی لەدایکبونی یان لەکاتی کۆرپەلەیی لەسکی دایکدا هەیەتی، بەبەڵگەی ئەوەی کە بونەوەری زیندوو لەڕێگەی پەیامە زارەکیەکانەوە تەزویەك دەگات بە هەستەکانی، هەرچەندە پێناچێت ئەو وێنانە بەباشی بگات، بەڵکو زیاتر بریتیە لە دەنگەدەنگێك دوای ئەوە مرۆڤ هەست بەبونی خۆی دەکات لەناوەندی شتەکانی جیهاندا، ئەمەش سەرەتای ئەو تێگەیشتنەیە کە دەتوانرێت پێی بوترێت (زانین)، بە پێی توێژینەوەکانیش مرۆڤ تا تەمەنی درێژبێتەوە ئەو وێنایەی لەلا زیاد دەبێت، بەشێوەیەك لەکۆتاییدا هەست بە ئامادەگی هەموو شتێك دەکات[28].

## جۆرەکانی وێناکردن

**وێناکردنی خودی:** هەستکردنی دەزگاکانە بە خۆیان[29]، بۆیە زانایان پێیانوایە: دروستکردنی وێنایەکی سەرکەوتو پێویستی زۆری بەوەیە دەزگاکان لەسەرەتادا وێنەی خودی خۆیان بگۆڕن، بە پێی ئەو وێنە هەستپێکراوەی کە لەئەستۆی

---

([22]) علي محمد الخطيب: **"أثر الخداع التسويقى في بناء الصورة الذهنية للمستهلكين قي سوق الخدمات الاردني"**، رسالة ماجستير (غير منشورة)، (جامعة الشرق الاَوسط: كلية اَلأعمال: قسم الآدارة و الآعمال)، 2011، ص29.

([23]) محمد منير حجاب: **"العلاقات العامة في المؤسسات الحديثة"**، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة- مصر، 2007، ص 167.

([24]) مصطفى غالب: **" الإدراك"** , ( بيروت : دار مكتبة الهلال , ط3 , 1982 ) , ص 33 .

([25]) جميل صليبيا: **"المعجم الفلسفي –بالالفظ العربية و الفرنسية و الانجليزية و اللاتينية"**, جزء (2)، الشركة العالمية للكتاب، بيروت، 1994، ص 744 .

([26]) إبراهيم الداقوقي: **"صورة الاتراك لدى العرب"**, ( بيروت : مركز دراسات الوحدة العربية , ط1 , 2001 ) , ص 17 .

([27]) علي عجوة: **" العلاقات العامة و الصورة الذهنية"**، (عالم الكتب ، الطبعة الأولى، القاهرة، 1983)، ص 4.

([28]) وسام فؤاد عبد المجيد: **"صورة الولايات المتحدة الأمريكية في الوعي الشعبي المصري"**، بحث منشور في مجلة السياسة الدولية، العدد (134)، 1998، ص159.

[29]) Ind, N.:"**The Corporate Image – Strategies for Effective Identity Programmers**", London: Kogan Page Ltd,1990.

کەلەلای کارمەندانی دەزگاکە هەیە( جەماوەری ناوخۆیی )، ئەو پەیوەندیەی کەلەنێوان ئەوان و جەماوەردا هەیە، یان ئەوەتا وێناکردن لەنێوانیان لاواز دەکات یان بەهێزی دەکات لەلایان[30].

**وێناکردنی ویستراو( پلان بۆدانراو ):** ئەوەیە کە دەزگا دەیەوێت بیگەیەنێ بەجەماوەر کە پەیوەستە بە خۆیەوە. هەر بۆیە پێویستە لەسەر دەزگاکان پلان بۆ وێنەی خۆیان لە هزری جەماوەردا دابنێن بەشێوەیەکی باش کە بەجۆرێك بێت ڕوون و بێ گرێوگۆڵ بێت، وەك دەبینین ئامۆژگاری کۆمپانیای ( AT&T ) - کۆمپانیایەکی گەورەی بواری پەیوەندیکردن- دەکات کە وێنەی خۆی وەك کۆمەڵێك پاڵەوان پیشان بدات کە بەرگەی بارودۆخە دژوارەکاندا دەگرێت بۆ پێکەوەبەستنی هەندێك بەشی جیهان بەبەشەکانی تریەوە.[31]

**وێناکردنی هەستپێکراو:** بریتی یە لە وێناکان، هەستەکان، و پەیوەندیەکان[32].

ڕەنگدانەوەی زانین لەلای کەسەکان ئەو ڕاستیەیە کە هەستی پێدەکەن و کاریگەری لەسەر بڕیارەکانیان هەیە لەکاتی کڕیندا( وەرگرتن دا ). هەندێك لە توێژینەوەکانیش ئاماژە بەوەدەدەن کە هزرەوێنە ئەوەیە کە کارمەندان چ بیرکردنەوەنەوە هەستکردنێکیان بۆ ئەو وێنە زانراوەیان هەیە و دەزگا چی دەکات، وێنەی هەستپێکراو ئەوەیە بەکارهێنەر بیرکردنەوەی چی یە وە کاریگەری چی یە لەسەر هەڵسوکەوتی بەرامبەر ئەو دەزگایە.

**تایبەتمەندیەکانی وێناکردن:** ( وێناکردن ) بەکۆمەڵێك تایبەتمەندی دەناسرێتەوە کەدەکرێت لەچەند خاڵێکدا کۆیانبکرێتەوە، لەوانە:[33]

1. تەنها جوڵێنەری بیر نیە، بەڵکو چوارچێوەیەکە بۆ بیرو پرۆسەی دروستکردنی دیدگا.
2. هەندێکجار بە ڕوونی و ناڕونی، ڕاستی و ناڕاستی دەناسرێتەوە.
3. بە پێی ڕێژەی بەشداری ئەوانیتر لە دروستکردنی ئەو وێنەیەی کە مەبەستە، ڕادەی گشتگیری و دیاریکراویەکەی دەخەملێنرێت.
4. هۆشیاری و ناهۆشیاری، یەکێکی ترە لە تایبەتمەندیەکانی وێناکردن و ناتوانین لەیەککات و بەیەك ڕادە چڕی هەموو بەشەکانی وێنەکە بزانین.
5. هەموو توانا کۆکراوەکانی ڕابردووی ئەو تاکە پیشان دەدات بەرامبەر بە بابەتێکی دیاریکراو.
6. بە نەرمی و کارلێکی بەردەوام دەناسرێتەوە، بەرەوپێش دەچێت، گەشەدەکات، بەرفراوان دەبێت، گۆڕانکاریش قبوڵ دەکات بەدرێژایی ژیان.

---

30) Dowling, G. R: "**Corporate Reputations – Strategies for Developing the Corporate Brand**", Melbourne, Longman Professional, 1994, p.211.

(31) د.فالح عبدالقادر و الآخرون: "**ادارة الصورة الذهنية للمنظمات الاردنية في اطار واقع المسؤولية الاجتماعية**"، دراسة ميدانية في شركات الاتصالات الخلوية الأردنية"، مجلة كلية الاقتصاد والعلوم الإدارية، جامعة العلوم التطبيقية، الاردن، 2010، ص71.

32) Snyder, Beth:"**Am aster Yard Upends Elite Image in Advertising Age**", (Electronic), Midwest Region Edition, Vol.71,2000, p. 28.

(33) ليلى حسين السيد: "**صورة أفريقيا في وسائل الإعلام المصري ولدى الشباب الجامعي**"، بحث مقدم إلى المؤتمر العلمي الثاني لأكاديمية أخبار اليوم تحت عنوان ( الصحافة وآفاق التكنولوجيا ) ، ( 8 – 2003/4/9 ) ، ص5-6.

7. بەرهەمی كارلێكی ڕەگەزەكانی مەعریفەو زانینە، لەگەڵ ئەوەشدا؛ چوارچێوەی كۆمەڵایەتی و مێژویی كاریگەری هەیە لەسەر دروستكردنی هزرەوێنەیەكی جیاواز.

- ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و وێناكردن:

بە پێی ئە نجامی ئەو توێژینەوانەی ئە نجامدراون: وێناكردن لەبەرئە نجامی كارو هەڵوێستە گۆڕاو و پێویستەكان لەمیانی پرۆسەیەكی جوڵەكی( دینامیكی )دا دروست دەبێت، ئەگەر بە پێی لۆژیكیش لەبابەتەكە بڕوانین؛ ئەوكاتانەی كە( زانیاری، تێڕوانین ) بە پێی شێوازێكی گریمانیەی لەهزردا جێگیردەبن، بنەماكانی تری پێكهێنەری وێنە لەنائامادەگیدا دەبن، بۆیە ناتوانین بیانبینین، تەنانەت ناشمانەوێت بڕوایان پێبهێنین[34]،

هەرچی ئامرازەكانی ڕاگەیاندنە؛ دەتوانن لەڕێگەی پێشكەشكردنی ئەو بابەتانەی كە پەیوەستن بەشێوازەكانی ژیان و گوزەران، تاكەكان لە جیهانێكی دیاریكراو و داخراوەوە بەرەو جیهانێكی خۆشترو بەرفراوانتر بەرن. لەڕێگەی پێدانی زانیاری جۆراوجۆر لەسەر ئەو جیهانە نوێ و پێشكەوتوەشەوە وێستگەیەك بۆ ئامادەكردنیان بەمەبەستی وەرگرتن و هەڵكردن لەگەڵ ئەو پێشكەوتنانەدا دەسازێنن، سەرباری ئەوانەش" گەشە بەو بارە وێژدانیە دەدەن كەتاكەكان لایان گەلاڵەبوە، بەئاراستەی تێگەیشتن لەدۆخ و ڕۆڵی ئەوانیتر لەكۆمەڵگەدا[35].

سەربوردە و ئەزمونی تاك لەكۆمەڵگەكان ئەوەی سەلماندوە؛ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و ژیانێكی تەواوەتی لەجیهانی گۆڕاودا، هیچ ڕێگەیەك لە پێشنیە تا بتوانین خۆمان لە پشتبەستن بە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن ببوێرین. ( مارشاڵ ماكلۆهان ) وایدەبینێت: كۆمەڵگە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن بەكاردەهێنێت، هەرچەندە تاڕادەیەكی زۆر سروشت و چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەكانی دیاریناكات، چونكە كاریگەری ئامرازەكان زیاتر بۆ سەر باری ژینگەیی ئەو تاكانەیە كەلەهەمان ژینگەدا دەژین، بەمەبەستی كاریگەری دانان لەسەر (ڕێگاكانی بیركردنەوەیان، وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەوانی تر، وێناكانیان بۆ جیهانی دەرەوەی خۆیان و كاریگەری دانان لەسەر ئەوەی كە چی دەبیستن و چی دەخوێننەوە )[36]،

هەربۆیە ناكرێت ڕۆڵی ڕاگەیاندن تەنها لەسەر دروستكردنی ( هزرەوێنە )و شێوازەكانی لای جەماوەر كورتبكرێتەوە، بەڵكو ئەركی گرنگی دەزگاكان بریتیە لە: گەورەكرنی وێنەی كەسایەتی( مەعنەوی ) بە شێوەیەكی ناچاری و چاپكردنی لەهزردا، بەڕادەیەك وەرگر وا هەست بكات خۆی ڕووداوە خراوەڕوەكان و وێنەكانی بینیوە، یان لەو واقیعەدا ژیاوە یان بەشداربوە، لەكاتێكدا ( وەرگر ) هیچ یەكێك لەوانەی نەبینیوە. بۆنمونە؛ ئێمە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ و دراوسێكانمان یان ئەوانەی كە بەجۆرێك لەجۆرەكان ڕۆڵێك لە ژیانماندا دەگێڕن، دروستدەكەین، دواتر لەو ڕێگەی بەریەككەوتنەوە چەند شێوازێكی

---

[34] وائل قنديل: "صورة مصر في الخطاب الصحفي لمراسلي الصحف ووكالات الأنباء العربية العاملة في مصر خلال الفترة من 1990 حتى 1996"، رسالة دكتوراه(غير منشورة)، ( جامعة القاهرة: كلية الاعلام، قسم الصحافة و النشر), 2002، ص 64-65.

[35] ولبور شرام: "أجهزة الإعلام والتنمية الوطنية"، ترجمة: محمد فتحي، (القاهرة: الهيئة المصرية للتأليف والنشر ،1970، ص ١٧١.

[36] Marshall McLuhan: **"The Medium Is The Message"** , ( NY. , Pant am Books),1967, p.121.

دیاریکراو لەهەڵسوکەوت لەوانەوە وەردەگرین، کە دەکرێت وەك وانەیەك لێی بڕوانین، لەگەڵ لاسایکردنەوەی ئەزمونەکانمان لەگەڵ ئەو لایەنەی لە پەیوەندیدایین لەگەڵیدا، بەمەرجێك ئەگەر بمانەوێت[37].

لەم ساڵانەی دواییەدا، بەرپرسانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکی هەستان بە دانانی چەند بنەماو بنچینەیەکی زانستی بۆ پرۆسەی بلاْوکردنەوەو دەستاودەستپێکردنی (وێنە، زانیاری)، هەروەها سەرپەرشتیکردنی چۆنیەتی بەکارهێنان، خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنیان، بەتایبەت ئەو وێنەو زانیاریانەی کە بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانمان دیاریدەکات. ئەوەشیان بەرجەستەکرد" هەرکاتێك بەرپرسانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بیر یان ئاراستەیەك لەگەڵ واقیعی کۆمەلاْیەتیدا نەیەتەوە گەلاْلە بکەن، ئەوا؛ ناونیشانیان لە دەزگای ڕاگەیاندنەوە بۆ (یاریکردن بەعەقڵ)ی (وەرگر – کۆمەڵگە) دەگۆڕێت. هەر بیروڕایەکی تریش کە بەشێوەیەکی مەبەستدار بلاْودەکرێتەوە، ئەنجامێکی هەڵخەڵەتێنەری لێدەکەوێتەوە، بەجۆرێك ناتوانرێت بۆ ژیانێکی پشتئەستور بە ڕاستی پشتی پێببەسترێت، دواجاریش لەلایەن تاك یان کۆمەڵگەوە ڕەتدەکرێتەوە، چونکە بەشێك نابێت لەبیر و ئەندێشەیان.[38]

## سێیەم: میدیای ئەلیکترۆنی کوردی

### پێناسە: میدیای ئینتەرنێتی

ئەو جۆرەیە لە ڕۆژنامەوانی کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەردەکرێت و بلاْودەکرێتەوەو لەشێوەی ڕۆژنامە چاپکراوەکاندایە، بەلاْم لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکان، ئەمجۆرە لە ڕۆژنامە چەند لاپەڕەیەکی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، کە لە ناوەڕۆك، وێنە، وێنەی کێشراو، دەنگ و ڤیدیۆ پێکدێت[39].

- تایبەتمەندیەکانی میدیای ئەلیکترۆنی:[40]:

1 . فەراهەمبون: بەدەسهێنانی زانیاری و هەواڵ و ڕووداو لەلایەن میدیاکار وبەکارهێنەر لەسەر میدیای ئەلیکرتۆنی کوردی بەشێوەیەکی خێرا وئاسان، سەرەرای فەراهەمبونی ئەرشیفێکی ئەلیکترۆنی بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ بابەتی بلاْوکراوەی دیاریکراو و مەبەستدار.

2 .گشتگیریی: جۆراوجۆری وگشتگیری وهەمەڕەنگی لەناوەڕۆکی بابەتی بلاْوکراوە, کە یاریدەدەرە بۆ بەکارهێنانی لەلایەن ڕێژەیەکی زۆر لەجەماوەر.

3 .نەرمی: بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی بەرچاو تایبەتمەندی نەرمیان تێدا بەدەردەکەوێت گەر بێت و کەمترین کۆزانیارییان لەسەر ئینتەرنێت هەبێت، چونکە کۆمپیوتەر هاندەرێکی بەهێزە بۆ بەکارهێنانی ئەم میدیایە نوێیە، بەتایبەت گەر تواناى کۆمپیوتەر چەندە زیاد بێت, ئەوەندە نەرمی زیاتر فەراهەم دەکات لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ

---

( [37] )سهير بركات: "الإعلام وظاهرة الصورة المنطبعة"، ( مجلة العلوم الاجتماعية ، جامعة الكويت ، العدد الأول ، السنة الثامنة ، إبريل ١٩٨٠، ص ١١٠.

( [38] ) هربرت شيللر: "المتلاعبون بالعقول" ، ترجمة: عبد السلام رضوان، ( الكويت ، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب ، سلسلة عالم المعرفة ، أكتوبر 1986، ص5.

([39] ) رضا عبدالواحد أمين: "الصحافة الالكترونية"، ط2، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، 2007، ل90.

([40] ) ڕێبەر گۆران و کامیل عومەر: سەرچاوەی پێشو، ل210-211.

ئینتەرنێت لەڕووە تەکنیکییەکەوە، لەسەر ئاستە میدیاییەکەش هانی بەکارهێنەران دەدات بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی زۆر لە سەرچاوەی زانیاری.

4 .کرانەوە: ڕێژەیەکی زۆر سەربەخۆییان لەموڵکداریدا بەدەست هێناوە دوور لەدەستی حکومەت وبازرگان و کۆمپانیای گەورەکان.

5 .چاودێری: ئازادییەکی تەواویان بۆ مسۆگەر بووە لەتێپەڕاندنی سنوری نیوخۆیی ونێودەوڵەتی ویاسا وچاودێری بەردەوام.

6 .فرە ڕۆشنبیری: ئەم میدیایە ڕێگە بە دەربڕینی ناخ و گفتوگۆی شارستانییانە دەدات، بەتایبەتی لایەنی ڕۆشنبیری و ڕێزگرتن لەڕای بەرانبەر بەشێوەیەکی چالاکانە و دروستکردنی پەیوەندی بەردەوام لەنێوان میدیاکار و وەرگر، بەجۆرێك هەر بەکارهێنەرێك ڕۆڵی میدیاکار ببینێت.

7 . پەیوەندی: دروستکردنی بناغەیەکی بەهێز بۆ پەیوەندی بەردەوام لەنێوان میدیاکار و وەرگردا.

8 .گەشەکردنی خێرا: بەشێوەیەکی خێرا وبەردەوام لەگەشەکردندایە.

9 .بنەمای ڕۆشنبیری: بەشدارە لەبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئەلیکترۆنی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵ بەتایبەت فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

10 .داهاتوویی: بە پشت بەستن بەتەکنۆلۆژیای نوێ، میدیای داهاتووە.

11 .کارامەیی: خێرایی لەوەڵامی وەرگر وئاسانی گفتوگۆکردنی ڕووداو یان بابەت یان بەشداری لە داڕشتنی ناوەڕۆکی میدیاییدا.

12 .نوێبونەوە: نوێکردنەوەی بەردەوام لەهونەری میدیایی بڵاوکراوەدا.

**کورتەی مێژوویی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی**

سەرهەڵدانی میدیای ئینتەرنێتی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیست، بەتایبەتی پاش هەوڵی ئەزموونی (التجريبی) ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی خەبات (www.xebat.net) لەرێکەوتی(1996/10/1)، دواتر ماڵپەڕی (puk.org) لەرێکەوتی (1997/10/16) دامەزرا، کە توانرا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەساڵی (1998)دا بەشێوەی (pdf) و ڕۆژنامەی (هەرێم) و گۆڤاری (سیخورمە)ـی لەسەر بڵاوبکرێتەوە، لەسەرەتای ساڵی(2000) بەدواوە کۆمەڵێك ماڵپەڕی ئینتەرنێتی کوردی دامەزران، وەك: (کوردستان نێت- کوردستان پۆست- عاموداPuk Media - - پەیامنێر- ئاوێنە- کوردستان مۆنیتەر)[41]. لەدوای ئەو مێژووشەوە، دەیان و بگرە سەدان ماڵپەڕ و پێگەی ئەلیکترۆنی کوردی بەجیاوازی سیاسەتی کارکردن و ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە لەهەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە بەشێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردی هەواڵ و زانیاری لەسەر پرس و بابەتە جۆربەجۆرەکان بڵاودەکەنەوە. لەونێوەندەشدا؛ ماڵپەڕی خەندان لەرێکەوتی(2010/1/1)لەشاری سلێمانی دامەزراوە و بەشێکە لە دەزگای خەندان بۆ

(41) ڕێبەر گۆران و کامیل عومەر: "سەرچاوەی پێشوو"، ل212.

پەخش و وەشاندن، پێکهاتووە لە بەشەکانی (کوردی ، عەرەبی ، وەرزش ، لایف)، هەوڵدەدات بەشێوەیەکی پیشەییانە رووماڵی هەواڵ و بابەتە ناوخۆیی و جیهانییەکان بکات بۆ خوێنەرانی[42].

ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوە

دووەم: بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنیی کوردی

1. بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی

خشتەی ژمارە (2)

| ئایا میدیای ئەلیکترۆنیی کوردی بەکاردەهێنیت؟ | دووبارەبونەوە | رێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 84 | ٪77.8 | یەکەم |
| نەخێر | 24 | ٪22.2 | دووەم |

بە پێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (2)، زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی بە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٪77.8) بەکاردەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا؛ رێژەی (٪22.2) کەئاستی دووەمە، ئەمجۆرە لەمیدیا بەکارناهێنن. ئەو ئەنجامە ڕوونیدەکاتەوە کەخوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەرێژەیەکی بەرز میدیای ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن، ئەوەش ئەنجامێکی ئەرێنییە و ئاماژەیە بۆ کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی و ئەو تایبەتمەندیە باشانەی کە وەك جۆرێکی نوێ و گرنگ لەمیدیا هەیەتی.

2. هۆکارەکانی پشت بەکارنەهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی

خشتەی ژمارە (3)

| بۆچی میدیای ئەلیکترۆنیی کوردی بەکارناهێنیت؟ | دووبارەبونەوە | رێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|
| بەهۆی کەمی دەرفەت و سەرقاڵییەوە | 8 | ٪33.3 | دووەم |
| بەهۆی نەبوونی شارەزایی لەبواری تەکنەلۆجیا | 2 | ٪8.3 | چوارەم |
| بەهۆی هەبوونی سەرچاوەی تری جێگرەوە | 10 | ٪41.7 | یەکەم |
| بەردەست نەبوونی ئینتەرنێت | 4 | ٪16.7 | سێیەم |

لەئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (3) دەرکەوتووە، ئەو بەرتوێژانەی کە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی بەکارناهێنن، لەبەر چەند هۆکارێك بووە، بەئاستی یەکەم و بەرێژەی (٪41.7) بۆ (هەبوونی سەرچاوەی تری بەردەست) گەڕاندووەتەوە، هەروەها ئاستی دووەم کە رێژەی (٪33.3) بەرتوێژان پێکدەهێنێت (کەمی دەرفەت و سەرقاڵی) بەهۆکار دەزانن و ئاستی سێهەمیش کەرێژەی (٪16.7)ی بەرتوێژانە (بەردەستنەبوونی ئینتەرنێت) بەهۆکار دەزانن، هەرچی ئاستی چوارەمی بەرتوێژانیشە کە تەنها رێژەی(٪8.3) پێکدەهێنن، (نەبوونی شارەزایی لەتەکنەلۆجیا) بەهۆکاری بەکارنەهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی دەزانن.

لەئەنجامەکانەوە ڕووندەبێتەوە: خوێندکاران لەپێش میدیای ئەلیکترۆنی، ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن، چونکە بەراورد بە میدیای ئینتەرنێتی، ئامرازەکانی تر بەکارهێنانیان ئاسانترە، تێچوونیان

[42]) ماڵپەڕی خەندان: "دەربارە"، ڕێکەوتی (2017/9/28).
(http://www.xendan.org/about.aspx?jimare=1).

**کەمترە و بەردەست ترن و دەکرێت لە پاڵ بەکارهێنانیشیاندا مرۆڤ سەرقاڵی کاری تریش بێت بەتایبەت ئەو ئامرازانەی زیاتر لەهەستێك بەشدارەبێت لەوەرگرتنی پەیامەکانیدا.**

3. **ڕێژەی بەکارهێنانی میدیا هەواڵییە ئەلیکترۆنیە کوردییەکان**

**خشتەی ژمارە (4)**

| **مالپەڕەکان** | **دووبارەبونەوە** | | | **ڕێژەی سەدی** | | | **ناوەندە ژمێرەیی** |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | **بەردەوام** | **هەندێکجار** | **بەدەگمەن** | | | | |
| **خەندان** | 46 | 26 | 12 | ٪52.3 | ٪29.5 | ٪13.6 | 1.595 |
| **ئاوێنە** | 4 | 46 | 34 | ٪4.5 | ٪52.3 | ٪38.6 | 2.357 |
| SNN | 6 | 32 | 46 | ٪6.8 | ٪36.4 | ٪52.3 | 2.476 |

**ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (4)، پیشانی دەدات کە بەرتوێژان ماڵپەڕەکانی (خەندان)، (ئاوێنە) و (تۆڕی هەواڵی سلێمانی) بەئاستی جیاواز بەکاردەهێنن. سەبارەت بە ماڵپەڕی (خەندان)، بەئاستی یەکەم و بەڕێژەی (٪52.3)ی بەرتوێژان بەشێوەی (بەردەوام) بەکاریدەهێنن، هەروەها بەئاستی دووەم و بەڕێژەی (٪29.5) بەرتوێژان (هەندێکجار) و ئاستی سێیەم و بەڕێژەی (٪13.6) بەرتوێژان بەشێوەی (دەگمەن) ئەو میدیا ئەلیکترۆنیە بەکاردەهێنن.**

**سەبارەت بە ئاستی بەکارهێنانی ماڵپەڕی (ئاوێنەنیوز) لەلای بەرتوێژان، دەرکەوتووە ئاستی یەکەم و بەڕێژەی(٪52.3)بەرتوێژان بەشێوەی(هەندێکجار) بەکاریدەهێنن، هەروەها ئاستی دووەمی بەرتوێژان کەڕێژەی(٪34.6)ی وەرگرتووە بەشێوەی(دەگمەن) و ئاستی سێیەم و بەڕێژەی(٪4.5) بەشێوەی (بەردەوام) ئەو میدیا ئەلیکترۆنیە بەکاردەهێنن.**

**ئاستی بەکارهێنانی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی تۆڕی هەواڵی سلێمانی(SNN)، ئاستی یەکەمی بەرتوێژان کەڕێژەی(٪52.3)یان پێکهێناوە بەشێوەی(دەگمەن) بەکاریدەهێنن، هەروەها ڕێژەی(٪36.4) بەرتوێژان کەئاستی دووەمە، ئەم میدیایە (هەندێکجار) بەکاردەهێنن و ئاستی سێیەمیشیان کەڕێژەی(٪6.8)یان پێکهێناوە بەشێوەی(بەردەوام) ئەو میدیا ئەلیکترۆنیە بەکاردەهێنن.**

**ئەنجامەکان ڕوونیدەکەنەوە کە میدیای ئەلیکترۆنی(خەندان)، بەراورد بەمیدیا هەواڵیەئەلیکترۆنیە کوردییەکانی تر بەکارهێنانی لەلای بەرتوێژان لەئاستێکی زۆر بەرزتردایە، هەروەها ئاستی بەکارهێنانی بەرتوێژان بەشێوەی(بەردەوام) بۆ میدیای ئەلیکترۆنی (خەندان) زۆر لە پێش میدیاکانی ترەوەیە. ئەوەش ئەنجامێکی ئیجابی یە و ئاماژەیە بەبەهێزی پێگەی ئەو میدیایە لای خوێندکارانی زانکۆ.**

4. **ئامانج لەبەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی**

خشتەی ژمارە (5)

| هۆكاری بەكارهێنانی میدیای ئەلیكترۆنی كوردی چیە لای تۆ؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ئاست |
| --- | --- | --- | --- |
| بۆ بەئاگابوون لەڕەوشی سیاسی هەرێم | 20 | ٪23.80 | دووەم |
| بۆ زانینی زانیاریە ئابوری و داراییەكان | 8 | ٪9.5 | پێنجەم |
| بۆ هۆشیاریم دەربارەی دۆخی ئەمنی هەرێم و عێراق | 2 | ٪2.4 | شەشەم |
| بۆ دەستخستنی زانیاری دەربارەی گروپی سەربازی حەشدی شەعبی | 14 | ٪16.7 | سێ یەم |
| بۆ كاتبەسەربردن | 30 | ٪35.7 | یەكەم |
| دیكە | 10 | ٪11.9 | چوارەم |

لەئەنجامەكانی خشتەی ژمارە (5) دەردەكەوێت، بەرتوێژان بۆمەبەستی جۆراوجۆر میدیای ئەلیكترۆنی كوردی بەكاردەهێنن، بەشێوەیەك بەپلەی یەكەم و بەڕێژەی(35.7٪) بۆ (كاتبەسەربردن و خۆشیبەخشین)، ئاستی دووەم بەڕێژەی (23.80٪) بۆ (بەئاگابوون لەڕەوشی سیاسی هەرێمی كوردستان)، ئاستی سێیەم كە ڕێژەی (16.7٪)ی بەرتوێژان دەگرێتەوە بۆ مەبەستی (دەستكەوتنی زانیاری دەربارەی گروپی سەربازی حەشدی شەعبی)، هەروەها مەبەستەكانی (دیكە) پلەی چوارەمی بەرێژەی(11.90٪) بردووە، هەرچی مەبەستەكانی (زانینی زانیاریە ئابوری و داراییەكان) و (هۆشیاری دەربارەی دۆخی ئەمنی هەرێم و عێراق)یشە، پلەكانی پێنجەم و شەشەمیان بەرێژەكانی(9.52٪) و (2.38٪) گرتووە.

ئەنجامەكان ئەوە پیشاندەدەن كە بەرتوێژان بەئاگاییەوە میدیای ئەلیكترۆنی كوردی بەكاردەهێنن و ئامانجی جیاوازیان لەبەكارهێنان هەیە، هەروەها بەكارهێنانی ئەو جۆرە لەمیدیا بۆ مەبەستی (دەستكەوتنی زانیاری دەربارەی گروپی سەربازی حەشدی شەعبی) لەئاستێكی بەرزدایە، ئەوەش گرنگی ئەو جۆرە لەمیدیا لەڕوومالی هەواڵ و زانیاری بۆ جەماوەر دەردەخات، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا؛ مەبەستی سەرەكی بەرتوێژان لەبەكارهێنانی میدیای ئەلیكترۆنی بۆ بابەتەكانی (خۆشیبەخشین و كاتبەسەربردن) بەراورد بە پرسەكانی تر، دەرخەری دۆخی چەقبەستووی ئابوری و سیاسی هەرێمی كوردستانە و بەرتوێژان، وەك دەرفەتێك بۆ هەڵهاتن لەواقیع پەنای بۆ دەبەن.

**سێیەم: میدیای ئەلیكترۆنی كوردی و حەشدی شەعبی**

5. میدیای ئەلیكترۆنی كوردی گرنگیدانی بە ڕوماڵی هەواڵ و زانیاری لەسەر حەشدی شەعبی

خشتەی ژمارە (6)

| میدیای ئەلیكترۆنیی كوردی گرنگی بەبلاوكردنەوەی هەواڵ و زانیاری دەدات لەسەر گروپی سەربازی حەشدی شەعبی؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ئاست |
| --- | --- | --- | --- |
| بەڵێ | 58 | ٪69 | یەكەم |
| نەخێر | 26 | ٪31 | دووەم |

لە ئەنجامەكانی خشتەی ژمارە (6) دەردەكەوێت كە بەرتوێژان بە پلەی یەكەم و بەڕێژەی (69٪) دركیان بەگرنگیپێدانی میدیای ئەلیكترۆنی كوردی لە پرسی بلاوكردنەوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر گروپی سەربازی حەشدی شەعبیی كردووە، پلەی دووەمیشیان كە ڕێژەی( 31٪ )ی بەرتوێژەرانە هەستیان بەو گرنگیپێدانە نەكردووە.

ئەنجامەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کە بەرتوێژان بەهۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی دەکەن و زۆرینەیان ئاگاداری ئاستی گرنگیپێدانی ئەو جۆرە لەمیدیان بە پرسی حەشدی شەعبی.

6. ژانرە ڕۆژنامەنووسیەکانی پەیوەست بە کارکردن لەسەر گروپی سەربازی حەشدی شەعبی

خشتەی ژمارە ( 7 )

| میدیای ئەلیکترۆنی کوردی زیاتر لە چ ژانرێکی میدیایدا کار لەسەر گروپی سەربازی حەشدی شەعبی دەکات؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|
| هەواڵ | 66 | ٪78.6 | یەکەم |
| ڕاپۆرت | 4 | ٪4.8 | سێ یەم |
| چاوپێکەوتن | 0 | ٪0 | پێنجەم |
| بەدواداچوون | 2 | ٪2.4 | چوارەم |
| دیکە | 12 | ٪14.2 | دووەم |

بە پێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ( 7 )، زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی ( 78.6٪ )، ڕایانوایە" پەیامی میدیای ئەلیکترۆنی کوردییان لەسەر گروپی سەربازی حەشدی شەعبی لەڕێگەی ژانری( هەواڵ )ەوە پێیان گەیشتووە، هەروەها ئاستی دووەمی بەرتوێژان بەڕێژەی ( 14.2٪ )، دەڵێن: لەڕێگەی ژانر و هونەری( دیکە )ی ڕۆژنامەوانییەوە پەیامی ئەلیکترۆنی کوردستان لەسەر حەشدی شەعبی وەرگرتووە، پلەی سێیەمیش کە ڕێژەی( 4.8٪ ) بەرتوێژان پێکدەهێنێت پێیانوایە؛ زانیاری و هەواڵەکانیان لەسەر گروپەی سەربازی حەشدی شەعبی لەڕێگەی ژانری( ڕاپۆرت )ەوە پێگەیشتووە و هەرچی پلەی ( چوارەم ) کە دەکاتە ڕێژەی( 2.4٪ )ی بەرتوێژان ژانری( بەدواداچوون )یان بەو هونەرە ڕۆژنامەنووسیە داناوە کە لەڕێگەیەوە زانیاریەکانیان لەسەر گروپی سەربازی حەشدی شەعبیی وەرگرتووە، هاوکات پلەی پێنجەمیش کە ژانری( چاوپێکەوتن )ە، هیچ بەرتوێژێك لەڕێگەیەوە زانیاری و هەواڵی میدیای ئەلیکترۆنی کوردیی لەڕێگەوە پێنەگەیشتووە.

لەئەنجامەکانەوە ڕوون دەبێتەوە: ژانری( هەواڵ ) کاریگەرترین هونەری ڕۆژنامەنووسی بووە لەگواستنەوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر گروپی سەربازی حەشدی شەعبی لە میدیای ئەلیکترۆنی کوردیدا، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەبەراورد بە ژانرەکانی تر، ( هەواڵ ) خێراتر و کورتترە لەگەیاندنی زانیاری لەسەر ڕووداو و بابەتەجۆراوجۆرەکان، هەروەها خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە بەرتوێژان ئاگاداری زۆربەی زۆری ئەو زانیاریانەن کەلەڕێگەی ژانرە ڕۆژنامەنووسیەکانەوە لەسەر حەشدی شەعبی لەلایەن میدیای ئەلیکترۆنی کوردییەوە بلاَوکراونەتەوە.

7. دروستکردنی وێنای گروپی سەربازی حەشدی شەعبی لەڕێگەی ماڵپەڕی ( خەندان ) ـەوە.

خشتەی ژمارە ( 8 )

| پێتوایە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی( خەندان ) وێنای سەبارەت بە گروپی سەربازی حەشدی شەعبی لای تۆ دروست کردبێت؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 58 | ٪69 | یەکەم |
| نەخێر | 26 | ٪31 | دووەم |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە( 8 )، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی( خەندان ) توانیویەتی وێنا سەبارەت بە هێزی سەربازی حەشدی شەعبی لای بەرتوێژان بەڕێژەی( 69 ٪ ) و بە پلەی یەکەم دروستبکات، هەروەها ڕێژەی( 31٪ )بەرتوێژان کە لە پلەی دووەمدا دێن، واینابینن ئەو ماڵپەڕە هیچ وێنایەکی ئەو هێزەی لایان دروستکردبێت.

ئەنجامەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی توانیویەتی وێنای حەشدی شەعبی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان دروستبکات لەڕێگەی ڕوومالّی بۆ بابەت و پرسەکانی پەیوەست بەو هێزە سەربازییە.

8. دروستکردنی مەترسی بۆ سەر باری ئەمنی هەرێم لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بابەتی میدیایی لەسەر گروپی سەربازی حەشدی شەعبی.

خشتەی ژمارە ( 9 )

| ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی (خەندان) لەبڵاوکردنەوەی بابەتی میدیایی سەبارەت بەهێزی سەربازی حەشدی شەعبی مەترسی لەسەر باری ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست کردوە لای تۆ؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 24 | ٪28.6 | دووەم |
| نەخێر | 60 | ٪71.4 | یەکەم |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (9) دەردەکەوێت زۆرینەی بەرتوێژان کە ئاستی یەکەمیان گرتووە و بەڕێژەی( 71.4٪ )دێن، پێیانوایە؛ ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ( خەندان ) لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بابەتی میدیایی سەبارەت بە هێزی سەربازی حەشدی شەعبی مەترسی لەسەر باری ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست نەکردووە، بەڵام بەشێکی تری بەرتوێژان کەڕێژەکەیان( 28.6٪ ) دێت و لەئاستی دووەمدان، واینابینن بابەتە میدیایە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ( خەندان ) لەسەر ئەو هێزە مەترسی لەسەر باری ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست کردبێت.

لەڕێگەی ئەو ئەنجامانەوە دەردەکەوێت کە میدیای ئەلیکترۆنی( خەندان ) لەبڵاوکردنەوەی بابەتی میدیای لەسەر حەشدی شەعبی بەهۆشیاری و بەرپرسیایەتیەوە مامەڵەی کردووە و تاڕادەیەکی زۆر ئاگاداری سنورەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بووە و نەیبەزاندووە. ئەوەش یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی کاری میدیایی کە نابێت ئاسایشی نەتەوەیی وڵات بخاتە مەترسییەوە.

9. جۆری ئەو فۆرمەی بەهۆی ڕومالّی ماڵپەڕی ( خەندان )ەوە لەسەر حەشدی شەعبی دروست بووە.

خشتەی ژمارە ( 10 )

| ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی (خەندان) لەڕومالّکردنی میدیایی سەبارەت بەهێزی سەربازی حەشدی شەعبی لەزیهنی تۆدا چ جۆرە فۆرمێکی داوە بەو هێزە؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|
| میللیشیا | 66 | ٪78.5 | یەکەم |
| ڕێکخراو | 10 | ٪11.9 | دووەم |
| هیچیان | 8 | ٪9.5 | سێیەم |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ( 10 )، زۆرینەی بەرتوێژان بەڕێژەی( 78.5٪ ) و بە پلەی یەکەم، پێیانوایە؛ ڕومالّی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ( خەندان ) بۆ پرس و ڕووداوەکانی پەیوەست بەهێزی سەربازی حەشدی شەعبی ئەو وێنایەی لای ئەوان

دروستکردووە کە لەزیهنیاندا ئەو هێزە وەك (میلیشیا) وێنا ببێت، هەروەك (11.9٪)ی بەرتوێژان کە پلەی دووەمیان گرتووە، وایدەبینن؛ ڕوماڵی ئەو ماڵپەڕە بۆ هەمان پرس وایکردووە وێنای ئەو هێزە لەهزریاندا، وەك هێزێکی(ڕێکخراو) دروستببێت، هەرچی ئاستی سێیەمی بەرتوێژانیشە کەڕێژەی (9.52٪)ی وەرگرتووە، بڕوایانوایە؛ ڕوماڵی ماڵپەڕی (خەندان) بۆ هێزی سەربازی حەشدی شەعبی وایکردووە، ئەوان بەدەر لەفۆرمی(میلیشیا) و (ڕێکخراو) لە هێزی سەربازی حەشدی شەعبی لەهزریاندا وێنابببێت.

ئەو ئە نجامانە ڕوونیدەکاتەوە کە میدیای ئەلیکترۆنی لەڕێگەی سروشت و جۆری ڕووماڵی بۆ پرس و بابەتە جۆربەجۆرەکان دەتوانێت وێنای جیاواز لای جەماوەر بخوڵقێنێت.

10. ڕادەی دروستکردنی وێنەی حەشدی شەعبی، وەك هێزێکی نیشتیمانی ڕزگارکەر

خشتەی ژمارە (11)

| ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی (خەندان) ئەو وێنەیەی لای تۆ دروست کردوە کە حەشدی شەعبی ببێتە هێزی نیشتیمانی ڕزگارکەر لەدەست داعش؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 10 | ٪11.9 | دووەم |
| نەخێر | 74 | ٪88.1 | یەکەم |

لەئە نجامەکانی خشتەی ژمارە(11)ەوە دەردەکەوێت، (88.1٪)ی بەرتوێژان کەلەئاستی یەکەمدا دێن، وایدەبینن ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی (خەندان) نەیتوانیوە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریەکانیەوە، هێزی سەربازی حەشدی شەعبی، وەك هێزێکی نیشتیمانی ڕزگارکەر لەهزریاندا وێنابکات، هەروەها ڕێژەی(11.9٪)ی بەرتوێژانیش کە لە پلەی دووەمدا دێن؛ بڕوایان وایە؛ ئەو ماڵپەڕە توانیویەتی هێزی سەربازی حەشدی شەعبی، وەك هێزێکی نیشتیمانیی ڕزگارکەر لەهزریاندا وێنابکات.

ئە نجامەکان ڕوونیدەکەنەوە کە هاوکێشەی جۆر و سروشتی ڕووماڵ بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو ڕاستەوانەیە لەگەڵ جۆری ئەو وێنەیەی(ئەرێنی ، نەرێنی) کەلە زیهنی جەماوەردا بەرامبەری دروست دەبێت، لێرەدا بەهۆی ئەوەی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی وێنای ئەوەی لای تاکی کورد دروستکردووە کە حەشدی شەعبی فۆرمێکی (میلیشیایی) هەیە، دەبینین جەماوەر، وەك تێڕوانینی بۆ ئەو هێزە نەرێنییە و وەك هێزێکی نیشتیمانیی ڕزگارکەر لەزیهنیدا وێنا نەبووە.

11. دروستکردنی وێنای حەشدی شەعبی وەك نانەوەی ئاژاوە لە وڵات دا

خشتەی ژمارە (12)

| ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی خەندان لەهزری تۆدا حەشدی شەعبی وەك نانەوەی ئاژاوە لەنێو وڵاتدا وێناکردووە؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 54 | ٪64.3 | یەکەم |
| نەخێر | 30 | ٪33.7 | دووەم |

بەپێی ئە نجامەکانی خشتەی ژمارەی(12)، بەرتوێژان بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (64.3٪) پێیانوایە؛ ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی (خەندان) لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەوە هێزی سەربازی حەشدی شەعبی، وەك نانەوەی فیتنە

لەنێو ولاَتدا لەهزریاندا دروستکردووە، هەروەها پلەی دووەمی بەرتوێژانیش کە بە ڕێژەی(35.71٪ )دێن، ڕایانوایە؛ ئەو ماڵپەڕە هێزی سەربازی حەشدی شەعبی، وەك سەرچاوەی نانەوەی ئاژاوە لەهزری ئەواندا وێنانەکردووە.

بە پێی ئەو ئە نجامانەی سەرەوە، دەردەکەوێت کە میدیای ئەلیکترۆنی (خەندان) زۆرترین گرنگیپێدانی بە ڕوماڵی ئەو هەواڵانە بووە کە لایەنی نەرێنی ئەو هێزە سەربازیە دەردەخەن و ڕووەکەی تری ڕێکخراوەکەی کەمتر پیشانداوە یاخود ڕووماڵکردووە، ئەوەش ئاماژەیەکی باش نیە بۆهاوسەنگی ڕووماڵکردن کەبنەمایەکی کاری میدیایە و دەبێت میدیای پیشەیی بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

12. ناوەڕۆکی گرنگی پێدانی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی بە پرسی حەشدی شەعبی

خشتەی ژمارە (13)

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | | | ڕێژەی سەدی | | | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | لەگەڵیدام | بێلایەنم | لەگەڵیدا نیم | | | | |
| گرنگی بەبابەتی میدیایی سەبارەت بەحەشدی شەعبی دەدەم لەسەر میدیای ئەلیکترۆنی کوردی. | 16 | 50 | 18 | ٪19 | ٪59.5 | ٪21.5 | 0.952 |
| لەگەڵ هاوڕێیانم ئاڵوگۆڕ بەبابەتی میدیایی سەبارەت بە حەشدی شەعبی دەکەم لەسەر میدیای ئەلیکترۆنی کوردی. | 8 | 36 | 40 | ٪9.5 | ٪42.9 | ٪47.6 | 2.380 |
| میدیای ئەلیکترۆنی کوردی زیاتر لایەنەنەرێنیەکانی حەشدی شەعبی دەخاتەڕوو. | 8 | 30 | 46 | ٪9.5 | ٪35.7 | ٪54.8 | 2.452 |
| بەباشی دەزانم میدیای ئەلیکترۆنی کوردی کاری نایاسایی و ڤێزەونی حەشدی شەعبی بخاتەڕوو. | 30 | 24 | 30 | 35.7 ٪ | ٪28.6 | ٪35.7 | 2 |

ئە نجامەکانی خشتەی ژمارە (12)، کەچوار بڕگەی سەرەکی لەخۆگرتووە، چەند ئاماژەیەکی بەدەستەوەداوە، کەدەتوانین بەمشێوەیە بیا نخەینەڕوو:

زۆرینەی بەشداربووان کە (59.5٪) بەرتوێژان دەگرێتەوە، لە پرسی گرنگیدان بەبابەتەکانی پەیوەست بەحەشدی شەعبی لەسەر میدیای ئەلیکترۆنی کوردی (بێلایەن) بوونی خۆیان دەربڕیوە، هەروەها ئاستی دووەمیان کەڕێژەی(21.5٪) پێکهاتووە لەگەڵ گرنگیدان بەبابەتەکانی پەیوەست بەحەشدی شەعبی نین لەسەر میدیای ئەلیکترۆنی، هەرچی ئاستی سێهەمیشیانە کە گرنگی دەدەن بەبابەتی میدیای سەبارەت بەحەشدی شەعبی لەسەر میدیای ئەلیکترۆنی کوردی ڕێژەی تەنها (19٪ )بەرتوێژانی پێکهێناوە.

سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکردنی بابەتی میدیای سەبارەت بەحەشدی شەعبی لەسەر میدیای ئەلیکترۆنی و لەگەڵ هاوڕێیانیان، زۆرینەی بەرتوێژان بەڕێژەی(47.6٪) لەگەڵیدانین، هەروەها ئاستی دووەمیان کەڕێژەی(42.9٪ )ی هەموو بەشداربووانی

ڕاپرسیەكەیان پێكهێناوە(بێلایەن)ن لەو پرسە و ئاستی سێیەمی بەرتوێژانیش كە ڕێژەكەیان بریتیە لە (9.٪) لەگەڵ ئاڵوگۆڕكردنن بەبابەتی میدیای سەبارەت بەحەشدی شەعبی لەسەر میدیای ئەلیكترۆنی كوردی.

لە پرسی ئەوەی كە میدیای ئەلیكترۆنی كوردی زیاتر لایەنەئەرێنیەكانی حەشدی شەعبی دەخاتەڕوو، زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەكەم و بەرێژەی(54.8٪) لەگەڵیدانین، هەروەها ئاستی دووەمیشیان كەرێژەكەیان بریتیە لە (35.7٪) خۆیان بەدوورگرتووە و بژاردەی(بێلایەنم)یان هەڵبژاردووە و ئاستی سێیەمی بەرتوێژان كەرێژەی(9.5٪)ی وەرگرتووە، ڕایانوایە؛ میدیای ئەلیكترۆنی كوردی زیاتر گرنگی بەخستنەڕووی لایەنەئەرێنیەكانی حەشدی شەعبی دەدات و لایەنەنێگەتیڤەكانی ئەو هێزە سەربازییەی پشتگوێخستووە.

لەوەڵامی برگەی: بەباشزانینی ئەوەی كە میدیای ئەلیكترۆنی كوردی كاری نایاسایی و ڤێزەونی حەشدی شەعبی بخاتەڕوو، پلەی یەكەمی بەرتوێژان بەسەر هەردوو بژاردەی (لەگەڵیدام) و (لەگەڵیدانیم) دابەشبووە كە هەریەكەیان ڕێژەی (35.5٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسیەكەیان بردووە، هاوكات پلەی دووەمی بەرتوێژان كە ڕێژەی (28.6٪)یان پێكهێناوە بژاردەی (بێلایەنم)یان وەڵامداوەتەوە.

لەئەنجامەكانەوە ڕووندەبێتەوە: بەرتوێژان زۆر گرنگی بەبابەتی میدیای سەبارەت بەحەشدی شەعبی لەسەر میدیای ئەلیكترۆنی كوردی نادەن، هەروەها لەگەڵ ئاڵوگۆڕكردنی بابەتی میدیایی سەبارەت بەو هێزە لەسەر میدیای ئەلیكترۆنی و لەگەڵ هاوڕێیانیان نین، هەروەك لەگەڵ ئەوەشدانین كە میدیای ئەلیكترۆنی كوردی زیاتر لایەنەئەرێنیەكانی حەشدی شەعبی دەخاتەڕوو و زۆربەشیان لەگەڵ ئەوەدان كە میدیای ئەلیكترۆنی كوردی كاری نایاسایی و ڤێزەونی حەشدی شەعبی بخاتەڕوو.

**ئەنجامەكانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوە گەیشتووە بەچەند ئاكامێكی زانستی، لەگرنگترینیان:-

1. خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان بەرێژەیەكی بەرچاو كەدەكاتە (77.8٪) هەموو خوێندكاران، میدیای ئەلیكترۆنی كوردی بەكاردەهێنن، ئەو ڕێژەیەشی كەمیدیای ئەلیكترۆنی كوردی بەكارناهێنن هۆكارەكەیان بەپلەی یەكەم بۆ (هەبوونی سەرچاوەی تری بەردەست) گەڕاندووەتەوە، هەروەها پلەی دووەم بۆ (كەمی دەرفەت و سەرقاڵی) و بەپلەی سێیەم و چوارەم بۆ (بەردەستنەبوونی ئینتەرنێت) لەگەڵ (نەبوونی شارەزایی لەتەكنەلۆجیا).
2. میدیای ئەلیكترۆنی (خەندان)، بەراورد بەمیدیا هەواڵیەئەلیكترۆنیە كوردییەكانی تر بەتایبەت ماڵپەڕەكانی(ئاوێنەنیوز، تۆڕی هەواڵی سلێمانی) -كە دوو میدیای ئەلیكترۆنی دیارن، لەئاستێكی زۆر بەرزتردایە، بەجۆرێك ئاستی بەكارهێنانی بۆ ئەو میدیایە بەشێوەی (بەردەوام) زۆر لەپێش میدیاكانی ترەوەیە. ئاماژەیە بەبەهێزی پێگەی ئەو میدیایە لای خوێندكارانی زانكۆ.
3. خوێندكارانی زانكۆ مەبەستی جۆراوجۆریان لەبەكارهێنانی میدیای ئەلیكترۆنی كوردی هەیە، بەشێوەیەك بەپلەی یەكەم و بەرێژەی (35.7٪) بۆ (كاتبەسەربردن و خۆشیبەخشین)، ئاستی دووەم بەرێژەی (23.80٪) بۆ (بەئاگابوون لەڕەوشی سیاسی هەرێمی كوردستان)، ئاستی سێیەم كە ڕێژەی (16.7٪)ی بەرتوێژان دەگرێتەوە بۆ مەبەستی

(دەستکەوتنی زانیاری دەربارەی گروپی سەربازی حەشدی شەعبیی)، هەروەها مەبەستەکانی (دیکە) پلەی چوارەمی بەرێژەی(11.90٪) بردووە، هەرچی مەبەستەکانی (زانینی زانیاریە ئابوری و داراییەکان) و (هۆشیاری دەربارەی دۆخی ئەمنی هەرێم و عێراق)یشە، پلەکانی پێنجەم و شەشەمیان بەرێژەکانی(9.52٪) و (2.38٪) گرتووە.

4. خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەرێژەیەکی (69٪) درکیان بەگرنگیپێدانی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی لە پرسی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر گروپی سەربازی حەشدی شەعبیی کردووە، ڕایانوایە؛ ئەو گرنگیپێدانەی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی بە پلەی یەکەم و بەرێژەی (78.6٪) ژانری (هەواڵ)، ئاستی دووەم بەرێژەی (14.2٪) لەرێگەی ژانر و هونەری(دیکە)، پلەی سێیەم بە رێژەی(4.8٪) ژانری(ڕاپۆرت)، هەرچی پلەی (چوارەم) کە دەکاتە ڕێژەی (2.4٪)ی بەرتوێژان ژانری (بەدواداچوون)یان بەو ژانرە هونەریە ڕۆژنامەنووسیە زانیوە کەلەرێگەیەوە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی زانیاری پێگەیاندوون، پلەی پێنجەمیش کە ژانری (چاوپێکەوتن)ە، هیچ بەرتوێژێك لەرێگەیەوە زانیاری لە میدیای ئەلیکترۆنی کوردییەوە پێنەگەیشتووە.

5. ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی (خەندان) توانیویەتی وێنا سەبارەت بە هێزی سەربازی حەشدی شەعبی لای بەرتوێژان بەرێژەی (69 ٪) و بە پلەی یەکەم دروستبکات، هەروەها ڕێژەی(31٪)بەرتوێژان کە لە پلەی دووەمدا دێن، واینابینن ئەو ماڵپەڕە هیچ وێنایەکی ئەو هێزەی لایان دروستکردبێت.

6. زۆرینەی بەرتوێژان کە ئاستی یەکەمیان گرتووە و بەرێژەی(71.4٪)دێن، پێیانوایە؛ ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی (خەندان) لەرێگەی بڵاوکردنەوەی بابەتی میدیایی سەبارەت بە هێزی سەربازی حەشدی شەعبی مەترسی لەسەر باری ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست نەکردووە، بەشێکی تریشیان کەرێژەکەیان(28.6٪) بەرتوێژانە و لەئاستی دووەمدان، واینابینن بابەتە میدیایە بڵاوکراوەکانی ئەو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە لەسەر حەشدی شەعبی مەترسی لەسەر باری ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست نەکردبێت.

7. زۆرینەی بەرتوێژان بەرێژەی (78.5٪) و بە پلەی یەکەم، پێیانوایە؛ ڕوماڵی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی (خەندان) بۆ پرس و ڕووداوەکانی پەیوەست بەهێزی سەربازی حەشدی شەعبی ئەو وێنایەی لای ئەوان دروستکردووە کە لەزیهنیاندا ئەو هێزە وەك (میلیشیا) وێنا ببێت، هەروەك زۆرینەیان بەرێژەی (88.1٪) وایدەبینن ئەو ماڵپەڕە نەیتوانیوە لەرێگەی بابەتەمیدیاییەکانیەوە حەشدی شەعبی، وەك هێزێکی نیشتیمانی ڕزگارکەر لەهزریاندا وێنابکات، بەڵکو ئەو هێزەی بەنانەوەی فیتنە لەنێو وڵاتدا لەهزریاندا دروستکردووە.

8. بەرتوێژان بەشێوەیەکی زۆر گرنگی بەبابەتەکانی پەیوەست بەحەشدی شەعبی لەسەر میدیای ئەلیکترۆنی کوردی نادەن، هاوشان لەگەڵ ئەوەدا؛ زۆرینەی بەرتوێژان بەرێژەی (47.6٪) لەگەڵ ئاڵوگۆڕکردنی بابەتی میدیای سەبارەت بەحەشدی شەعبی لەسەر میدیای ئەلیکترۆنی و لەگەڵ هاوڕێیانیان نین، هەروەك زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەم و بەرێژەی(54.8٪) لەگەڵ ئەوەدان کە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی لایەنەئەرێنیەکانی حەشدی شەعبی نەخستووەتەڕوو و پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەسەر هەردوو بژاردەی (لەگەڵیدام) و (لەگەڵیدانیم) دابەشبووە، بەباشیان زانیوە کە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی کاری نایاسایی و قێزەونی حەشدی شەعبی بخاتەڕوو.

**پێشنیار**

1. میدیای ئەلیکترۆنی کوردی بێلایەنی و پیشەییبوونی خۆی لە ڕووماڵکردنی پرسەجیاوازەکان بپارێزێت و نەبێت بەبەشێك لەململانێ و ڕووداوەکان، بۆئەوەی وێنای ڕاستەقینە لای جەماوەر وەك ئەوەی هەیە دروست ببێت.
2. لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان دروستنەکردنی مەترسیی لەسەریان لەڕێگەی ڕووماڵی میدیای ئەلیکترۆنی بۆ پرسە جیاوازەکان.
3. میدیای ئەلیکترۆنی کوردی لەڕووماڵکردنی ڕووداوەکان تەنها پشت بە ژانری(هەواڵ) نەبەستێت، بەڵکو بەپێی گونجاوی و پێویستی ژانرەکانی تریش بەکاربهێنێت.

**سەرچاوەکان**


- أندرية لالاند: "**موسوعة لالاند الفلسفية (عربي- فرنسي)**"، ترجمة والتحقيق: (خليل أحمد خليل)، ط1، مجلد 2، عويدات للنشر و الطباعة، بيروت، 2001.
- جميل صليبيا: "**المعجم الفلسفي-بالالفاظ العربية و الفرنسية و الانجليزية و اللاتينية**"، جزء (2)، الشركة العالمية للكتاب، بيروت، 1994.
- إبراهيم الداقوقي: "**صورة الاتراك لدى العرب**", ط1، مركز دراسات الوحدة العربية,بيروت , 2001 .
- رضا عبدالواحد أمين: "**الصحافة الالكترونية**"، ط2، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، 2007.
- علي عجوة: " **العلاقات العامة و الصورة الذهنية**"، ط1، عالم الكتب ، القاهرة، 1983.
- محمد منير حجاب: "**العلاقات العامة في المؤسسات الحديثة**"، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة، 2007.
- مصطفى غالب: " **الإدراك**", ط3، دار مكتبة الهلال,بيروت, 1982.
- هربرت شيللر: "**المتلاعبون بالعقول**" ، ترجمة: عبد السلام رضوان، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب ، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، أكتوبر 1986.
- ولبور شرام: "**أجهزة الإعلام والتنمية الوطنية**"، ترجمة: محمد فتحي،الهيئة المصرية للتأليف والنشر، القاهرة، 1970.
- Ind, N. : " **The Corporate Image – Strategies for Effective Identity Programmers**", London: Kogan Page Ltd,1990.
- Dowling, G. R: "**Corporate Reputations – Strategies for Developing the Corporate Brand",** Melbourne, Longman Professional, 1994.
- Marshall McLuhan: "**The Medium Is The Message**", (NY., Pant am Books),1967.
- **توێژینەوە زانستیە بلاوکراوەکان بەزمانی کوردی:**
- ڕێبەر گۆران مستەفا، کامیل عومەر: "**ڕوماڵکردنی شەڕی داعش لەمیدیای کوردیدا**"، (گۆڤاری زانستی زانکۆی گەرمیان، ژمارە (10)، 2016).
- **ب.توێژینەوە زانستیە بلاوکراوەکان بەزمانی عەرەبی:**

- د.فالح عبدالقادر و الآخرون: "ادارة الصورة الذهنية للمنظمات الاردنية في اطار واقع المسؤولية الاجتماعية"، دراسة ميدانية في شركات الاتصالات الخلوية الأردنية"، مجلة كلية الاقتصاد والعلوم الإدارية، جامعة العلوم التطبيقية، الاردن، 2010.
- سهير بركات: "الإعلام وظاهرة الصورة المنطبعة"، مجلة العلوم الاجتماعية، جامعة الكويت، العدد الأول ، السنة الثامنة، إبريل ١٩٨٠.
- وسام فؤاد عبد المجيد: "صورة الولايات المتحدة الأمريكية في الوعي الشعبي المصري"، بحث منشور في مجلة السياسة الدولية، العدد (134)، 1998.
- Snyder, Beth:"**Am aster Yard Upends Elite Image in Advertising Age**", (Electronic), Midwest Region Edition, Vol.71, 2000.
- علي محمد الخطيب: "أثر الخداع التسويقي في بناء الصورة الذهنية للمستهلكين في سوق الخدمات الاردني"، رسالة ماجستير (غير منشورة)، (جامعة الشرق الأوسط: كلية الأعمال: قسم الآدارة و الأعمال)، 2011.
- وائل قنديل: "صورة مصر في الخطاب الصحفي لمراسلي الصحف ووكالات الأنباء العربية العاملة في مصر خلال الفترة من 1990 حتى 1996"، رسالة دكتوراه(غير منشورة)، (جامعة القاهرة: كلية الاعلام، قسم الصحافة و النشر)، 2002.
- ليلى حسين السيد: "صورة أفريقيا في وسائل الإعلام المصري ولدى الشباب الجامعي"، بحث مقدم إلى المؤتمر العلمي الثاني لأكاديمية أخبار اليوم تحت عنوان (الصحافة وآفاق التكنولوجيا) ، (8 – 2003/4/9).
- موقع رووسيا اليوم: "العبادي: "داعش" استولى على 2,3 ألف مدرعة في الموصل"، بتاريخ 2015/5/31.
- (https://arabic.rt.com/news/784557) .
- رائد الحامد: "الحشد الشعبي: القوة النظامية البديلة في العراق"، بتاريخ 2015/3/24. (http://rawabetcenter.com/archives/5293)
- العربية نت: "إيران تحشد آلاف المتطوعين للقتال في العراق"، بتأريخ(2014/6/15). (http://www.alarabiya.net/ar/iran/2014)
- موقع الامانة العامة لمجلس الوزراء – جمهورية العراق: "مكتب رئيس الوزراء العراق، الامر رقم (47) "، (2014/6/18). (http://www.cabinet.iq/ArticlesBrowse.aspx?CatID=6#) .
- ياسين تەها: "ترس لەداهاتوو؛ لەداعشەوە بۆ حەشدی شەعبیی"، (2015/12/20). (http://pasewan.com/sorani/?p=1894)
- موقع روداو: "الاسدي: ميزانية الحشد الشعبي لعام 2016 لا تناسب حجم التضحيات"، (2015/10/26). (http://rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/261020155
- صادق الطائي: "الحشد الشعبي في العراق: مرجعياته ومكوناته الطائفية"، موقع جريدة القدس العربي، (2016/2/13). (http://www.alquds.co.uk/?p=481792).
- جريدة بدر الالكترونية- الجناح العسكري لمنظمة بدر: "لسنا ميليشيات ولن نشارك بحلف مع أمريكا"، (2014/9/18). (http://badrnewspaper.com/home/single_news/2864).

- موقع الوثيقة نت: " النجيفي: قرار تكليف الحشد الشعبي بالملف الأمني في بغداد ينشر الهلع بين الأهالي ويوفر غطاء للمندسين فيه"، (2014/11/29).
(http://www.alwathika.com/article/?t=44402).
- موقع سرايا السلام: " السيد القائد مقتدى الصدر يوجّه بعض النصائح والارشادات لأفراد سرايا السلام"، (2014/12/14).
(http://www.sarayasalam.net/2015/09/blog-post_592.html).
- موقع سي إن إن العربية، "سرايا السلام ميليشيات مقتدى الصدر الجديدة"، (2014/6/22).
(https://arabic.cnn.com/middleeast/2014/06/22/sadr-peace-unit).
- موقع المقاومة الإسلامية عصائب أهل الحق: " بيان تطهير منطقة البوعلوان في الرمادي بالاشتراك مع القوات الأمنية"، (2014/6/21).
- (http://ahlualhaq.com/index.php/permalink/3658.html).
- هيومن رايتس ووتش: "ناجون يصفون مذبحة بأحد المساجد"، (2014/11/2).
- (https://www.hrw.org/ar/news/2016/07/31/292584).
- موقع كتائب حزب الله " بيان إن لم ترتدع دويلة الإمارات وتصحح خطيئتها بحق الشعب العراقي وقواه الوطنية لنشردَنّ بهم مَنْ خلفَهم"، (2014/12/13).
- (https://kataibhizbollah.com/news/1677).
- ماڵپەڕی خەندان: "دەربارە"، ڕێکەوتی (2017/9/28).
- (http://www.xendan.org/about.aspx?jimare=1).